

# ئەو پەیڤانەی بۆ هونەرن

**دیاری قەرەداغی**

ئێمە هونەر دەکەین تا ئازار بچێژین؟، یان بەشێك لە ئەركی هونەر دەرخستنی ئازارەكانە.

ئێمە هونەر بۆ ئەوە دەکەین کەزیاتر رقیان لێمان بێت؟ یان خەرمانێك لە خۆشەویستی بچێنین .

لە وڵاتەكەی مندا گوێگرتن لە موزیك ئاسانە، بەڵام خەیاڵە. رێزگرتنی هەر ئەو كاتەش موزیك بێتامە، كە لەسەر خوان و بانگهێشتەكانی دەسەڵات داوا بكرێت.

ئەی دەسەڵات

بەر لە داوایەكم لێتان بۆ پرۆژەیەكی هونەری، پرۆژەیەك لە ئێوە  منی ماچ نەكرد.

دوای سازكردنی چالاكییە هونەرییەكانمان بەسەركەوتوویی و دەركەوتنمان وەك ئەستێرە، ئیتر دەبینە كارمەند و موچەخۆرەكانی ئێوە، كە ئەمەش خراپترین خەڵاتتانە بۆ هونەرمەند.

گەورەترین شكستی هونەرمەند ئەوەیە، كە لە پرسەگەی (تیڤی)یەك دابنیشێت و چاوەڕێی ئەوە بێت بەرهەمەكەی لێبكرن .

ئەو كات ناشرینترین نازناو (هونەرمەند)ێتییە كە خۆمان لە خۆمانی بنێین!